# " گیروگرفتەکانی ئافرەتی کوردستانی و مافەکانی "

پێگەی ئافرەت لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا شوناس ، قەیران ، ماف ، ئەرك و پێگەی ئافرەت لەسەر ئاستە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بابەتکەلێکن کە جێگەی بایەخی داهاتووی کۆمەڵگای جیهانییە لەو دیدکایەشەوە پرسەکانی ئافرەت لەنێوەندە جیاجیاکاندا جێی تایبەتی خۆیان پێدراوە. لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئافرەت و گرفت و ماف و ئەرکەکانی لەو پرسە گرنگانەن کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر هاوکێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە داهاتووی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیەو شرۆڤەکردن و وروژاندنی ئەم باسەش چەندین پرسیارو وەڵام هەڵدەگرێت ، بەم پێودانکە رۆژی 28 / 8 بنکەی کاوەی رۆشنبیری لە هەولێری پایتەخت کۆڕێکی بەناونیشانی ( کێشەو گرفتەکانی ئافرەتان و مافەکانیان لە کوردستان ) بۆ ژمارەیەکی ئافرەتی رووناکبیر ( شیرین ئامێدی ) سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، ( نەرمین قەرەداغی ) بەڕێوەبەری گشتیی مافی مرۆڤ ( ژیان میرانی ) بەرپرسی دەزگای روناهی ، چلووره هەردی ) بەرپرسی سەنتەری خاتووزین ، ( گوڵستان جەبار جەباری ) ، بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی پیشەسازی ووزە ، ( تەرزەجاف ) کارگێڕی ماڵی شەرەفخان ، ساز کرد بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتانە پوختەی باسەکانی ئەم خانمانەبوون .

## ململانێیەکان لەگەڵ مێژوودا

گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدان و هاتنە ناوەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەتان و دروستبوونی گرووپەکانی بیری فیمنیستی ئەوەمان نیشان دەدەن کە بە درێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان ئافرەت بەردەوام لە جۆرە ململانێیەکدا بووە بەناوی بەرگری کردن لە زوڵم و چەوساندنەوەو پێشێلکاری ، ئەم ململانێیەش لە شێوەو قەبارەی جیاجیادا بوو بەپێی سروشتی و پێکهاتەو جۆری کۆمەڵگاکان .. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنی سەرەتایی بە شێوەیەك بوو لە دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بە شێوازێکی دی بووە ، بەڵام هەندێك وای بۆ دەچن شۆڕشی پیشەسازی هاوکێشەی ئەم ململانێیەی بەدیوێکی تر بە قازانجی ئافرەتدا گۆڕی ، دەروازەیەکی نوێ بوو بۆ ماف و ئەرکەکانی لە سایەیدا ئافرەت بووە خاوەن پۆست و پلەی کارگێڕی و سیاسی و کۆمەڵایەتی .. لێکدانەوەیەکی بابەتی نین و ئەم لێکدانەوەیە راستە شۆڕشی پیشەسازی ئافرەتی کردە هێزێکی کارکەری بەتواناو ئافرەتی لە پەراوێزی ماڵەوە خستە نێوەندی بەرهەمهێنان و بازاڕەوە بەڵام بە شێوەی کاڵایەکی هەرزان بەها ، لە کۆمەڵگا داخراوو رۆژهەڵاتییەکانیش تا هەنووکە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان نەرێتە باوەکان فەرمانڕەوایی کۆمەڵگان ، هەموو ئەوانیش لەسەر حسابی موڵکایەتی ئافرەتن . بۆیە ئەگەر هاتوو رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگایەکی نموونەیی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە کە کۆمەڵگای کوردستانیش لە چوارچێوە دەگرێت بکەین ، دەبێت لە ئاستی ئافرەت و مافەکانیدا لەسەر چەند چەمك و لایەنێك بوەستین وەك لایەنی مێژوویی ئەو مێژووەی رۆژهەڵاتناس و مێژوونووسان تۆماریان کردووە . ئەوەی لە خەباتی رێکخراوەیی ئافرەتان بەرجەستەبووە لە رووی کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، یاسایی کە پێدەچێت کاراترینیان بێت وەك .

- ياساكانى بارى كەسى عێراقى ژمارە ( 18 ) 49 ى ساڵى 1969 .
- ياساكانى كاركردن ژمارە ( 151 ) ى ساڵى 1975 .
- ياساى خوێندنى بەزۆر .
- جێبەجێكارى دادوەرى لە كوردستان بەلق و برگەو مادەكانييەوە . تاوانى گرێبەندى هاوسەرێتى ، تاوانى لە باربردن ، تاوانى خيانەتكاريى هاوسەرێتى ، تاوانى كرِينەوەى ناموس ، تاوانى رِفاندن ، كە هەموو ئەمانە ئاماژەيەكى راستەوخۆ بوون بۆ پێشێلكارى مافەكانى ئافرەتان ، لە ئاكامى دەرئەنجامەكانى ئەمانەش بوو كە رێكخراوەكانى ئافرەتان پرۆيەكيان بۆ هەمواركردنەوەى ئەم ياسايانە لە ساڵانى 1999 – 2000 ، 2001 – 2002 پێشكەش كردو خۆشبەختانە بە پاڵپشتى حكومەتى هەرێم پەرلەمانى كوردستان برِيارى پێدەركردن . گرنگترين ئەو خاڵانەش كە بۆ ئەم بەرگرتنە پێويستن :

- زيادكردنى پەيوەنديى نێوان خێزان لەسەر بنەماى مەعنەوى نەك مادى .
- مامەڵە كردن لەگەڵ كۆچبەران لە دەرەوە بە پێى ئەوەى كە لە واقيعدا هەيەو هەوڵدان بۆ پێشكەش كردنى هاريكارى لە گەيشتن و رێنمايى كردنيان لەم لايەنانەوە .
- ئاسانكارى بۆ سەردانكردنى كۆچبەر لە ئەوروپاوە بۆ وڵات .
- جەخت كردن لەسەر رەوينەوەى ئەو تێرِوانينەى توێژى نوێى پەنابەرانى كورد لە دەرەوە بەرامبەر كۆمەڵگاى كوردى .
- ميواندارى و بانگهێشت كردنى گەنجە كوردەكان بە بەردەوامى .
- پاڵپشتى كردنى خاوەن سەرمايەى كوردى لە كردنەوەى پرۆژەكان .
- هاندانى رێخراوە ناحكومييەكان بۆ كاركردن لە كوردستان .
- دەركردنى چەند برِيارێكى نوێى ياسايى لە بەرژەوەندى ئافرەت و يەكسانى مافەكانى لەگەڵ پياو.

## قەيرە كچ .. خۆكوشتن دوو دياردەو دوو پێشێلكارى

كاركردن بە تەنيا لەسەر گۆرِينى ياساكان بەس نييە بۆ رووبەرِوو بوونەوەى توندوتيژى و مەينەتييەكان و پێشێلكارييەكانى مافى ئافرەت لە كۆمەڵگاكەمان ، بەڵكو هەڵگرتن و سرِينەوەو كاركردن لەسەر چەند چەمك و زاراوەيەكيش كە بوونەتە فەرهەنگ و دياردەيەكى كلتوورى كوردى لە ئەمرِۆدا پێويستە بەتايبەت ئەو دياردانەى كە ئافرەت دەكەنە شتێكى نامۆ بە كۆمەڵگا . من لێرەدا لە دوو ديارده دەدوێم يەكەميان قەيرە ياخود بڵێين قەيرە كچ ، دووەميان خۆكوشتن ياخود خۆسووتاندن.

زاراوەى قەيرە كچ بە مانەوەى ياخود تەمەنێكى ديارى كراو بۆ بەشوودانى كچ ئەمە لە كۆنە و لەنوێدا زاراوەيەكە لە فەرهەنگى بوونى ئافرەتدا چاوگى چەندين گرێى دەروونى و نەخۆشى جەستەيى بووە .. ئەم دياردەيەش بە پێچەوانەوە لەگەڵ بەرەو پێشچوونى كۆمەڵگادا لە زياد بووندايە ، هەر چەندە لە كۆمەڵگاى پێشكەوتووە مەدەنييەكاندا زاراوەيەك نييە بەم واتايە لە كۆمەڵگە نەريتەكاندا ئەمە بوونى هەيە لە كوردستان زەقتر نواندنى زاراوەكە لە پشت چەند هۆكارێكەوەيە ،

تەواو کردنی خوێندن ، چوونە دەرەوەی گەنجان ، باری ئابووری و خزمایەتی بەشودان چەندین هۆکاری تر لەگەڵ لێکدانەوەی دونیەوی بۆ دیارکردنی تەمەنی شووکرن مەترسییەکی گەورەن بۆ لادان و رووخانی ئافرەت و پێشێلکارییەکی ئاشکرایی مافەکانی ئەو ئافرەتەیە کە دەمێنێتەوە ئەم زاراوەیەی شوێن دەخرێت .

دیاردەیەکی تر دیاردەی خۆکوشتنە بەدەست خود ئەم دیاردەیەوە سەرەتا لەلای ئافرەتان بوونی هەبوو ، چەند ساڵێکە لای پیاوانیش بوونی هەیە . ئەو کەسانەی پەنا بۆ ئەم تاوانە دەبەن کە تووشی گرفتێکی دەروونی توندد بوون و خۆیان بە لاواز ترین هێز دەبینن ، بۆیە ئەگەر لە کۆمەڵگای خۆمان بڕوانین وێڕای کێشەی کۆمەڵایەتی لە جیاتی بەرەو پێش چوون تازە زیندوو بوونەتەوەو ڕێڕەوی ژیانیان ئاڵۆز کردووە .

هۆکارەکانیش لای ئافرەت جیایە وەك ئەوەی لای پیاو هەیە .

- تا ئێستا زۆر لە ئافرەت لەناو خێزان تووشی لێدان و توندو تیژی دێن .
- دەستەڵاتداری پیاو بە ڕەوابینن پەیوەندی لە دەرەوەی خێزان بۆی بە زۆر بە شوودان .

هۆکارەکانیش لای ئارەت جیایە وەك ئەوەی لای پیاو هەیە .

- تا ئێستاش زۆر لە ئافرەتان لەناو خێزان تووشی لێدان و توندوتیژی دێن .
- دەسەڵاتداریی پیاو و بەرەوا بینینی پەیوەندی لە دەرەوەی خێزان .
- بەشوودان

### ئەمریکا ( 26 ) ی ئاب بە رۆژی یەکسانی ئافرەتان دادەنێت

لە بەیاننامەیەکی تایبەت بە ئافرەتاندا کۆشکی سپی بە ئیمزای سەرۆك بۆش رۆژی 26 ی ئاب بەرۆژی یەکسانی ئافرەتان دانا ، بەیاننامەکە لە دەسپێکدا ئاماژە بۆ پێگەی ئافرەتی ئەمریکی دەکات کە هەلێکی زێرینی بۆ رەخساوە کە لە تەواوی بوارەکانی کاروپەروەردەو سیاسەتدا رۆڵێکی ئەکتیف دەبینێت ، لە کاتێکدا لاپەڕەکانی مێژوو شایەدحاڵی زوڵم و ستەمێکی زۆرە دەرهەق بە مافەکانیان و لە زۆر ئیمتیازی سەرەکی بێبەش کرابوون . بەو پێیەش کە لە 26 ی ئاب ئافرەتان توانییان دەستەبەری مافی دەنگدان بکەن ، دواتر دەڵێت دەبێت یادی ئەو مرۆڤە مەزنانە بکەینەوە کە هەموو هەوڵ و کۆششێکیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی ئافرەت هەلی دەنگدانی بەربکەوێت کە دواتر ئەویش بۆتە جێگەی داهێنان و بەشداری کاریگەری ئافرەت لە تەواوی بوارەکاندا . بەیاننامەکە ئاماژە بەو دەستکەوتە یاساییانەش دەکات کە لە رێگەی دەستەبەری ئەم مافانە بەدی هات هەروەك قایمبوونی پێگەی هەژموونی دارایی و یاسایی و سیاسییان . بەیانەکە هەڵوێستی بوێری هەندێ ئافرەت دەخاتەڕوو کە هەموو جۆرە فشارێکیان بەکار هێنا ، دواجار توانییان لە 26 ی ئابی ساڵی 1920 رەزامەندی کۆنگرێس بۆ ئەم لایەنە دەستەبەربکەن . رەوشی ئافرەتانی ئەفغانستانیش بەشێکن لە بەیانەکە کە هەر چەندە تاڵیبان هەوڵیدا بێبەشیان بکات لە خوێندن و سەرپەرشتی و تەندروستی و پەرەسەندن و مافی دەنگدان ، بەڵام هاوپەیمانانی ئەمریکا لەدواجاردا توانییان مافە سەرەکییەکان بۆ

تەواوی خەڵکی ئەم وڵاتە دابین بکەن . لە کۆتاییشدا بەیاننامەکە داخوازی دابین کردنی ئامانجی رزگاری هەموو گەلێك و توێژاڵێکە کە بێتە دی .

بەروار : 27 / 8 / 2002